www.kurdistannet.org
25-5-2003 21:43

سلاو بۆ بەهمەنی قوبادی سنوورشکێن

فریاد هیرانی
friadhirani@yahoo.com

بەهمەنی قوبادی دەرهێنەری ناوداری کوردو فلیمسازی جیهانی، ئەمجارەش چاوەکانمانی بە شاشە ئاشنا کردەوە، بۆ جارێکی تر ئێمەی بردەوە نێو ژانو ئەشکەنجەو خەفەتو کەسەرەکانی کوردەواری. . دیسان چاوەکانی ئێمەی بەچاوی پڕ فرمێسکی کچە بێگوناحەکانی کوێستان شاد کردەوە. . لەرێگەی گۆشەیەکی کامیراکەیدا لوتکەو رەوەزە سپی پۆشو بەفرینەکانی کوردستانی پیشاندانینەوە کە شەلاڵـی ناپاڵـمو هێشوویی‌و تۆپباران دەبێ، . . شینو واویلای منداڵە چاوگەشەکانو پیرێژنە خێر لەخۆ نەدیوەکانی خستەوە هەگبەی زاکیرەمانو دووبارە لەژێر پێڵووەکانمان کانیاوەکان تەقینەوە.... لەگەڵ هەموو گۆشەیەکی عەدەسەکەی قوبادیدا کە نیشاندانی سروشتە جوانەکانی کوردستان بوو (کاتێك کە چیا تا ناوقەدی لە هەور ون دەبێ، کاتێ زنجیرە شاخێکی سەرکەش لە بەرەبەیاندا ئاوێزانی خۆر دەبـێ. . کاتێ دوو منداڵو پیرەمێردێك لە قەراغ گوندێکی نقووم بوو لە بەفر ئاگرێکی جوانی داربەڕوویان کردۆتەوە. . کاتێ کچە بێگەردەکانی کوێستان لە هەورازێکی کووڕی بنار چیایەکی بەژن درێژ بە کۆڵ دار دەکێشنەوەو. . و. . و. . هتد) .

لەگەڵ هەموو ئەم وێنە قەشەنگانەدا، کە هەر دەڵێی کاری فلیمو کارەکتەری نییەو (**قوبادی**) رۆژنامەنووسەو چۆتە نێو رووداوە راستەقینەکان. . لەگەڵ هەموو دیمەنە دڵرفێنو کارەساتاوییەکان بەردەوام تاکە یەك پەیامی بەرز کردۆتەوە، ئەویش پەیامی پساندنی تەلبەندەکانی سنوورەو دەیەوێ لە کۆتایی هەموو فلیمێکیدا بە پێڵاوە لاستیکەکەی تەلبەندە درکاوییەکانی سنوور پان بکاتەوەو بە هەموومان بڵـێ ناکرێ شاخێك بکرێتە دوو پارچەو دوو بەش، ناکرێو هیچ هێزێك بتوانێ موعاناتی چیایەکی سەرکەش شەق بکاو بیکاتە دووبەش، کە ئەم چیایە (**کوردستان**) ە. .

دەستخۆش بۆ فیلمی (**ساتێ بۆ مەستی ئەسپەکان**) پیرۆزبایی‌و گوڵبارانیش بۆ فیلمی (**گۆرانیەکانی وڵاتی دایکم**) دەستخۆش بۆ بەهمەنی قوبادی.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت